## لە خانی پڕ لەقینەوە

## بۆ مالیکی دەسەڵاتداری باغی دادی داگیرکراو






پێم خۆشە جەنابی مالیکی پێش ئەوەی بەهەڵەدا بچێت، بە داڵی هەڵپروکاوی عێراقیەوە نەنازێت، لەژێر ئەو داڵەو ئەو ئەڵاهو ئەکبەرەدا بوو کە ئێوەی عەرەب پێڵاوەکانی سەربازە ئەمەریکیەکانتان ماچ دەکرد، لە کاتی راپەرینەکەی کوردستانیش دا پێڵاوی ئافرەتی کوردەکانتان ماچ دەکرد، باش بزانە کورد هەزاران خانی پڕ لەقینیان هەیە بۆ رۆژی خۆی، بۆیە پێم خۆشە هەندێک لە فتوحاتی ئیسلامی بخوێنێتەوە کەچۆن دەسەڵاتدارانی عەرەب ئاینی ئیسلامیان کردۆتە ئامێرێ داگیرکاری خاکی کوردستان، ئێمە نامانەوێ ئەو ئەڵەهو ئەکبەرە بکەیە مەرەکەبی نوسینەکانی فتوحاتی ئیسلامی و خاکی کوردان بەخاکی عەرەب بزانێ.

پێم خۆشه ئەو کوردانەی کە بۆ کورسی و پارەو دەسەڵاتیش چاوپۆشی دەکەن لە داگیرکرانی خاکی کوردستان، ئەوانیش فتوحاتی ئیلامی بخوێننەوە کە چۆن دەسەڵاتدارانی ئیسلام خاکی کوردستانیان داگیر کردووەو هەموو کردارێکی بێرەوشتیان بەرانبەر بە نەنکەکانی ئێمە کردوە.

کاک سەعید پەروازە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر زانستیانەی لەسەر فتوحاتی ئیسلامی لە کوردستان دا کردوە:

http://www.peshmergekan.com/arshif.php?id=3814

کوردەکان بۆ پارستنی خاکی خۆیان، هەزاران ساڵە مل بەملە دەکەن لەگەڵ خێڵە ئاسوریەکان و بابلیەکانی عەرەب، دوا سەرکەوتنی عەرەبەکان بۆ داگیرکردنی خاکی کوردستان، لەژێر ئاڵای ئیسلام دابوو لەسەردەمی ساسانیەکان، کە زوربەی سەرچاوەکان وا نیشان دەدەن کە ساسانیەکان کورد بوون.

http://en.wikipedia.org/wiki/Sasan

http://en.wikipedia.org/wiki/Ka%27ba-ye_Zartosht#Inscriptions

لەپێش سەردەمی بەدیهاتنی ئیسلامدا ساسانیەکان فەرمانڕاوای هەموو عێراقی ئەمڕۆیان کردوە، عەرەب لەو سەردەمەدا لە نیوەی عێراقی ئەمڕۆدا دەبینران، نیوەکەی تری بەدەست کوردەکانەوە بوو، کتێبی بایبڵ دەنوسێ ئیبراهیم پێغەمبەری کورد شاری بابلی دروست کردووەو سێ سەدساڵیش بەدەست کوردەوە بووە، پایتەختی بەرێوەبەرایەتی ساسانیەکان لە شاری مەداین بووە کە دەکەوێتە نێوان بابل و بەغدا.

ئەو بەغدایەی ئەمڕۆ یەک عەرەبی لێنەبوە، دادورە کوردەکەی شاری مەداین، باغێکی خۆشی لەنێوان لەیەک نزیکبوونەوەی روباری دیجلەو فورات دا دروست کردوەو کۆشکێکی خۆشی لەناو باغەکەدا بنیات ناوە بۆ بەرێوەبەرایەتی دادوەریەکەی، ئەو باغ و کۆشکە لەو سەردەمەدا پێی گوتراوە باغی داد.

لەدوای بەدیهاتنی ئاینی ئیسلام و بەکار هینانی ئەو دینە لەلایەن عەرەبەکانەوە بۆ داگیرکردنی خاکی کوردستان، ئەو دینە بوو بەهۆی تێکشکاندی باری دەرونی کوردەکان و پاشەکشەیان کرد، لەشکری عەرەبی رۆژ بەرۆژ بەرەو سەرو دەهات، شاری بابلیان داگیرکردو شاری مەداینیان سوتاند، بەرو سەرو هاتن تاکو باغی دادیشیان داگیر کرد.

بەشێک لەو لەشکرە عەرەبیە لەژێر ئاڵای ئیسلامدا، بەرەو مەندەلی و خانەقین بەرێ کەوتون، لەو دەشتە خانێکی کوردی دڵ پڕ لەقینیان لێ راست بۆتەوەو نەیهێشتوە یەک بست پێشڕەوی بکەن و ئەو ناوچەیە داگیر بکەن، ئەو خانەقینەی ئەمڕۆ، گوندی ئەو خانە پڕ لەقینە بووە بەرانبەر بەلەشکری عەرەبەکان ئیستا ناوەکەی بۆتە خانەقین.

کوردەکانی خانەقین و مەندەلی ناوچەکانی پاراستوە تاکو هەزار ساڵ پێش ئێستا هەندێ خێڵی بەرەڵای تورک هاتنە مەندەلی و بوون بە هاوکاری لەشکری عەرەبی ئیسلامی، دروستبوونی عێراق لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، دەستی ئێوەی درێژ کردو عەرەبێکی زۆرتان هێناوەتە ئەو ناوچەو ئێستا لەژێر چەتری ئەو عێراقەدا دەتانەوێ ئەو ناوچانە بەتەواوی بکەنە ناوچەیەکی عەرەب نشین ؟.

ئێستا جەنابی مالیکی، وەک خانی دڵپڕ لەقین کە خانەقینی بەناو کراوە، بەدەنگێکی نەتەویەوە پێت رادەگەیەنم، فریوی ئەو کوردانەی دەوروبەرت مەخۆ کە بەدوای بەرژەوەندی خۆیان دا دەگەرێن و هەر رۆژەی سەما بۆ دەسەڵاتدارێک دەکەن، گوێ بۆ دەنگی نەتەوەیی رابگرەو پێش ئەوەی راپەرینێکی نەتەوەیت بەرانبەر بکرێ، دەست لەخاکە داگیر کراوەکان هەڵبگرەو ئەو عەرەبانە ببەوە جێگای خۆی، پێش ئەوە تۆڵەی ١٤٠٠ ساڵەو ئەنفال و کیمیا بارانەکەتان لێ بکەینەوە.

سەردار پشدەری

لەندەن ١٥ – ١٠ – ٢٠١١

http://www.kurd-oil.net